# بەناوی یاساوە دەکوژران

نووسینی: یۆران لاگەر

وەرگێرانی لە سویدییەوە: حەکیم کاکەوەیس

بەشی یەکەم

{کە جەللادەکە ملی ئەننای پەڕاند دەنگێکی "نەرم"ی لێوەهات. سەرەکەی بەناو لمەکەدا گلۆر بووەوەو یەکسەر خوێندکارێکی پزیشکی، کە توێژینەوەی لە چاودا دەکرد هەڵیگرتەوە. خوێنەکە، لە دوو شادەمارەوە فوارەی دەبەست و دوو مەتر دوور دەکەوتەوە. ئەننا مرد، بەڵام چاوە نەرمەکانی، بۆ ماوەیەکی زۆر لە خوێندکارەکەیان دەڕوانی}.

ئەمە فیلم نییە. ئەمە راستییەکەو لە ئەرشیڤی سویدەوە دەرهێندراوە. پرۆتۆکۆلی دادگەو باسکردنی شایەدعەیانە.

دەوڵەت، ماوەی سەدان ساڵ ئەوانەی دەکوشتن کە هەڵەیان بەرانبەر بە یاسا- واتە ئینجیل دەکرد. سزای کوشتن، شێوازێک بوو بۆ ڕازیکردنی خودا. خوداش هەر بە "ددان لە تۆڵەی ددان و چاو لە تۆڵەی چاو" ڕازی دەبوو.

ئەننا مۆنسدۆتەر، کە لە ٧ی ئەیلوولی ١٨٧٧دا ئیعدام کرا، یەکەم قوربانیی دەستی جەلادی وڵات، گوستاڤ دالمان بوو. دەنگ وا باوە کە بە سێ لێدان، ئەوجا توانیویەتی سەری لە لەشی جیا بکاتەوە. دوایی گوتبووی: " ئەگەر هەڵەم بکردبا، ئەوا یەکسەر لەسەر کارەکەم لادەبرام، بەڵام سوپاس بۆ خوا بە باشی ئەنجامم دا" ئەننا، لەگەڵ کوڕەکەیدا، ژنی کوڕەکەی کوشتبوو، چونکە ئەو ژنە لەگەڵ خزمدا زینای کردبوو. کوڕەکە، حوکمی بەندکردنی تاهەتایی بە سەردا دراو (ئەننا)یش حوکمی کوشتن.

ئەو قەشە گەنجە ٢٨ ساڵییەی بەندیخانەکە، کە لە بری یەکێکی دی لە بەندیخانەکەدا بوو، ناوی مالتا هامسلکڤیست بوو. دەبوو ئەم قەشەیە، کە وەک هەموو قەشەکانی دی حەزی لە سزادانی کوشتن بوو، ئەننا بۆ مردن ئامادە بکا. مالتا هامسلکڤیت، هەوڵی دەدا ئەو ژنەی کە بە بکوژی خانمی لاو ناو دەبرا وا لێ بکا سەری شۆڕ بکاو بە پەشیمانی و تۆبەکارییەوە بچێتە بەرانبەر خودا، بەڵام ئەوەی پێ نەکرا.

ماوەی ١٤٨ ڕۆژ هەوڵی دا ئەننا لە بەزەیی خودا تێبگەیەنێ، بەڵام ئەو بە ساردی و سووربوونەوە رەتی دەکردەوە. ئامادەکردنەکە ناسەرکەوتووبوو و دوای ئەوە، هامسلکڤیست هەرگیز نەبووەوە مرۆڤێکی ئاسایی. دووچاری گرفتی قسەکردن بوو و خوتبەدانیشی رۆژ بە رۆژ زەحمەتتر دەبوون.

ئەننا مۆنسدۆتەر یەکەم کەس بوو دوای قەدەغەکردنی کوشتن لە ناو جەماوەردا، کوژراو دواهەمین ژن بوو کە لە سوید ئیعدام بکرێت. دالمانی جەلادی وڵات، دەبوو سەری پێنج کەسی تریش لەناو بەندیخانە جیاوازەکاندا بپەڕێنێ کە بە مەرگ حوکم درابوون. دوای ئەوە، حوکمی ئیعدام لە سویددا هەڵگیرا.

تائێستا زۆر جێگەی ئیعدامکردن لە سویددا ماونەتەوە. هەندێکیان گیا داپۆشیون، هەندێکیان لە بیر کراون، هەندێکیان بینایان لەسەر کراوەو ژمارەیەکی کەمیش ماون کە لێیان نووسراوە. جێگە گشتییەکانی ئیعدامکردن لە شوێنی ئەوەندە بەرزیندا بوون کە جێی هەزاران کەسیان لێ ببێتەوە. زۆربەی کات، لەو دەمەدا کە حوکمدراویان بەرەو جێی کوشتن دەبرد، بینەران ئایەتی ٤٤٠ی ئینجیلیان بۆ ئەو شانۆگەرییە ترسناکە دەخوێند:

جلەکانم لەبەر دادەکەندرێن
خەتاکانم لەبرینی مەسیحدا
ئەی خودا، بیاننێژە
ئەوسا کە زندوو دەبمەوە
شەرمەزاریم بۆ دەبنە سەروەریی.

جێگەی ئیعدامکردنی، بەسەدانن. لە بوللەبیگدا، لەنزیکی ماڵەکانە. لەوێ، سەدان کەس ئایەتەکەیان دەخوێند. ئەوجا سێ دز برانە پێشەوە. ژنێک و دوو پیاو. دەبوو لە پێشدا دەستی راستیان بپەڕێندرێ، ئەوسا سەریان. شەش لێدان و بۆ هەر یەکەیان، خەڵکەکە هاواریان دەکرد: "ئۆۆۆۆ.... هێێێێێ". تەنها بەر لە دووسەد ساڵ، سوید ئاوها بوو.

زۆربەی کات بە ملپەڕاندن حوکم دەدراین، ئەوجا بە سووکایەتی پێکردنی جەستە.

ژنان دەسووتێندران، بەڵام پیاوان چەرخوفەلەکیان پێ دەکرا. چەرخوفەلەک ئەوە بوو لاشەکانیان کوتکوت بکرێن و پارچەکانی بە چەرخوفەلەکێکی گەورەوە، بۆ چاوشکاندنی خەڵک بە رووتی و قێزەون و سووکییەوە، قایم بکرێن و پێوەی هەڵبواسرێن.

جەللادەکە، جەستە بێ سەرەکەی رووت دەکردەوەو وەک نەریتێک، جلەکانی بۆ خۆی دەبردن. کێرو گونی دەبڕی و زگی هەڵدەدڕی و ناوزگەکەی وەک ناوزگی بەرازی بەردەستی قەساب دەردەهێنا. ئەو کەسانەی کە بۆ سەرگەرمیی دەهاتن، تەماشایان دەکرد. هەموو ئەوانە دەخرانە چاڵێکەوەو یەکسەر پڕ دەکرایەوە، بەڵام تەورەکە بەرز دەبووەوەو ئێسکی لاملی کەرت دەکرد. هەروەها بڕبڕە پشت و یەکە یەکەی پەراسووەکانیش. ئەوجا بە بزمار بە چەرخوفەلەکەوە قاییم دەکران تا پەلەوەر نەتوانن پارچەکان ببەن. ئیدی ئاوها دەمانەوە تا تەنها ئێسکە سپییەکان دەمانەوە. ئەوجا جەللادەکە دەهاتەوەو ئێسکەکانی هەر لە جێی کوشتنەکەدا دەخستنە چاڵێکەوە.

لەو ژنانەش کە سەریان دەپەڕێندرا، تەنها خۆڵەمێشەکەیان دەمایەوە کە بۆنی بە بۆنی قیر دەچوو و ئەوەش دەخرایە چاڵەوە. دەبوو ئاوها بسووتێندرێن تا بە پێی باوەڕی ئەو سەردەمە بە ئینجیل، زندوو نەبنەوە.

لەهەزارو شەش سەدەکان و حەوسەدەکاندا، بە پێی یاسای مووسا "ددان لە تۆڵەی ددان و چاو لە تۆڵەی چاودا" حوکم دەکرا. بەهەمان ئەو شێوەیەی کە ئێستا لە هەندێ وڵاتی موسوڵمانانا، بە پێی شەرع حوکم دەکرێ.

لە مووسای ٣، ٣٠: ٢٠دا هاتووە: (ئەگەر کەسێک هەڵەی جنسیی کرد، دەبێ بە مردن سزا بدرێ). بۆ ژنێکیش کە پێش مێردکردن بچوایەتە ناو نوێنی پیاوەوە، هەمان یاسا پەیرەو دەکرا.

تەنانەت یاسای ساڵی ١٧٣٤، کە لەراستیدا یەکەم یاسای داڕێژراوی سوید بووە، کە بە دوای یاسای زەویوزارو یاسای ماملەکەتدا هاتووە، بە پێی ئینجیل خیانەتی هەوسەرێتی سزاکەی کوشتن بووە. دواتر ئەوەی بۆ زیاد کرا کە جەستەی زیناکار چەقۆئاژن بکرێ، ئەگەرچی ئەنجامەکەی مردنیش بێ. پارچەگۆشتی گەورە لە پشتی ئەو ژنە کڵۆڵانە دەردەهێندران کە زۆربەی جار دەمردن. جاری واش بووە سزاکەیان ئەوە بووە، ماوەی ٢٨ رۆژ تەنها نان و ئاویان بدەنێ و ئیدی بە هۆی نەبوونی خوێ و پێداویستییە میتاڵییەکانی ترەوە ئازاری زۆریان دەدی یا لە ئەنجامدا دەمردن.

سێکسی پێش مێردکردن و خیانەت لە کاتی دووری مێرددا. زۆربەی جار ئاوسبوونی بەدوادا دەهات. ئەو ژنانە، بۆ ئەوەی تووشی ئەو سزا توندانە نەبن، بە ناچاری کۆرپەکانیان لە کۆڵ دەکردنەوە، چونکە کۆرپەکان بەڵگەی داوێنپیسییان بوون، هەزاران منداڵ لەناو پڕوپووشدا لەدایک دەبوون و دەشاردرانەوە. لە ١٧٠٠ و ١٨٠٠ەکاندا بە لای کەمەوە سێ هەزار ژن بە تۆمەتی کوشتنی منداڵی کۆرپە درانە دادگە. لیسکن ئەندەرشۆن یەکێک بووە لەو ژمارە زۆرە. ئەم ژنە، کاتێ لە رۆژهەڵاتی باشووری گۆتلاند، لە باغی قەشەیەکی دەسەڵاتداردا دەژیا، زگی پڕ بوو. ئاوسبوونەکەی شاردەوەو لە کاتێکدا هەموو ئەوانی دی لە کەنیسە بوون، ئەو لە باغە گەورەکەی قەشەی کەنیسەکەدا منداڵی بوو. منداڵەکەی تاساند و شاردییەوە. تا رۆژێکیان، کۆرپە مردووەکەی هەڵگرتبوو و بردبووی بۆ گۆڕستانی کەنیسەکە و بەپەلە ناشتبووی. هەندێ دوعای بۆ خوێندبوو و گەڕابۆوە. کوشتنی منداڵەکە ئاشکرا بوو و لە دادگەش کەس خۆی بە باوکی منداڵەکە نەناساند. "لیسکن یا لە ڤیسبی لەسەری دەدرێ یا دەکوژرێ". ئاوها بە کورتی لە لێکۆڵینەوەکەدا تۆمار کراوە.

لەبنەڕەتدا، هەر ژنێک ئەوەندەی بەس بوو تۆمەتی قەحپەیی لەسەری بسەپێ. ئەو ژنانە، تەنانەت لە پرۆتۆکۆلی دادگەشدا بە قەحپە ناویان دەبرا.

سۆفیا یۆنسدۆتتەر خۆی تووشی تاوانی قەحپەیی کردبوو. ئەم ژنە لە دیگەرنێسی ڤێستەربۆتن کاری دەکرد و خۆی لەدەریاوانێک ئاوس کردبوو. لەوکاتەدا کە سۆفیا خەریک بوو منداڵی ببێ، دەریاوانەکە زۆر لەو جێیەوە دوور بوو – جا نەیتوانی منداڵەکە بە خۆیەوە بگرێ بۆیە لە پێشتیری بەرازدا منداڵەکەی بوو و فڕەیدایە بەردەمی دێڵە بەرازێکی گەورەی مرخەمرخکەرەوە. سۆفیا لە دادگەدا رایگەیاندبوو کە وایزانیوە منداڵەکەی بەمردوویی بووە، بەڵام کە بەرازەکە قەپی بە سەری کۆرپەکەدا کردبوو و هەنجاندبووی، گوێی لە گریانی کۆرپەکە ببوو. "وەمزانی مردبوو. هەندێ پووشم تۆپەڵ کردو پەستامە دەمیەوە". ١٣ی ئاداری ١٧٧٣ سۆفیا یۆنسدۆتەر کوژراو تەرمەکەشی سووتێندرا. کاتێ بەهۆی گومانکردنی منداڵبوونەوە لێکۆڵینەوە لەگەڵ سۆفیادا کرا، بانگی مامانی ناوچەکەیان کرد و ئەویش مەمکی سۆفیای دۆشی و راستیی مەسەلەکەی راگەیاند.

دۆشینی مەمکی کچان بۆ سەپاندنی تاوان دیاردەیەکی باو بوو و کاتێ منداڵێکی ناشەرعی دەدۆزرایەوە، هەموو کچە عازەبەکانی ناوچەکەی دەگرتەوە تا دادگە بیسەلمێنێ ئەو منداڵە هی کامەیانە.

ساڵی ١٧٧٥ ئەدۆلف فرێدرکی باوکی گوستاڤی سێیەم لە راگەیاندنێکی پاشایاندا بڵاوی کردەوە ئەگەر منداڵێکی مردووی بێ خاوەن دۆزرایەوە، دەبێ ژنە ئاغای ناوچەکە یا هەر ژنێکی باوەڕپێکراو کچانی ناوچەکە تاقی بکاتەوە.

یاسای منداڵ کوشتن بۆ پارێزگاری کردنی منداڵی تازە لە دایکبوو نەبوو، بەڵکو بۆ پاراستنی خێزان و دژی هەموو هەڕەشەیەک بوو کە باوەڕی پیاوانی لەیەکگرتندا لەکەدار دەکرد.

هەر کەسێ حوکمی ئیعدامی بەسەردا بدرابا، مافی ئەوەی هەبوو قەشەیەکی بە لاوە بێت. ئەوەش هەر بۆ ئەوە نەبوو کە گوناحەکانی لەسەر لاچێ، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوەبوو کە قەشەکە دڵنیا بێ کە ئەو کەسە باوەڕی هێناوەو کەوتۆتە سەر چۆک و پێشوازی لە خوا کردووە و باوەڕیشی هێناوە کە ئەو ئیعدامکردنە بەزەییەکە بۆ پاکبوونەوە... بەزەیی خودا!.

kakaways@hotmail.com



# گەلێکی ماندوو، حکومەتێکی کەمتەرخەم

ن: ئەمیری حاجی محەممەد

بەشی دووەم و کۆتایی



نادادوەری کۆمەڵایەتی گورزی کوشندەی لە دەروونی تاک و کۆمەڵگەی کوردستان وەشاندووە، سۆزو هەستی نەتەوایەتی خەڵک وردە وردە خەریکی بارکردن و سەرخۆ هەڵگرتنە. ئەم نادادگەرییە کۆمەڵایەتییە، بێگومان ئەمنی قەومی کوردستان دەخاتە مەترسییەوەو بەرگیری کردنیشی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمەوە دەبێ لە خۆشییەوە دەست پێبکات و ئەو ناعەدالەتیە قڕ بکات. گەر سەرکردایەتی سیاسی کورد ئاگا نەبێتەوەو چارەسەری ئەو کێشە دەروونییە نەکات و پشتگوێی بخات، کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوەو پەشیمانیش سوودی نییە.

دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان، دامەزراوەی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ نین و لە لایەن حزبە دەسەڵاتدارو نیو دەسەڵاتدارەکانەوە پاوان کراوە، چالاکییەکانیان ریکلامی حزبیە نە هۆشیارکردنەوەی خەڵک. بۆیە ئومێدی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لێ ناکرێ.

زۆربەی دانیشتووانی کوردستان، حزب و سیاسەتیان سێ تەڵاقە کردووەو بێ لایەنیان هەڵبژاردووە، ئەم تەواسانەوەی خەڵکە نیشانەی بێ مسداقیەتی سیاسەتی تەسک بیرکردنەوەی حزبییە، (زۆربەی زۆری حزبەکانی رۆژهەڵات) دیسان ئەمەش نەخۆشییەکی کوشندەی کۆمەڵایەتیە، چارەسەرکردنیش ئەرکی سەرشانی سەرکردایەتی سیاسی کوردە کە ئەو نادادگەری و پێشێلکردنی یاساو مافی مرۆڤی کوردە قەڵاچۆ بکات، لە لایەکیترەوە خەڵکیش بێ تەخسیر نین، دەبێ ئەمەندی هۆشیاری سیاسییان هەبێت، لەڕێگەی داخوازییە شارستانیەتەکانەوە بەجۆری مامەڵە لەگەڵ حکومەت بکەن کە سەر دانوێنی بۆ مافە رەواکانی تاک و کۆمەڵ.

کێشەی ئابوری کوردستانی باشوور نە بەرەو پێش هەنگاوی نەناوە، بەڵکو بەرەو دواوە هاتووە. دانیشتووان سەرچاوەی هێزی بەرهەم هێنانی ئەم نیشتمانەن. گەنج بەردی بناغەی دەستی کاری هەر وڵاتێکە، سەیرکە گەنجەکانمان داماون و پۆل پۆل هەڵدێن بەرەو دەرەوە، چونکە لەوڵاتەکەیان بێ ئومێدن و حکومەت دەیەوێ بەنەدانی پاسپۆرت بە گەنجان چارەسەری بکات، ئەمە دەبێتە دوو عەیبە. لەسەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ کە لەسەردەمی شۆڕشی نوێدا بووین، کارکەرانی لە بواری کشتوکاڵ ١٥/٨% ی سەرجەم دانیشتووانی کارکەر بووە، لەبواری پیشەسازیدا ٦/٤%ی سەرجەم دانیشتووانی کارکەر بووەو لەبواری خزمەتگوزاری ٧٧/٠٨% ی بووە، بەڵام گەر ئەو رێژەیە لەگەڵ رێژەی ئێستادا (بەمەرجی لەبەرچاوگرتنی بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان) بەراورد بکەین دەبینین تووشی کارەساتی ئابوری بووین.

ژێرخانی ئابوری بەگشتی لەمادەی خاو، هێزی کار، رێگەوبان، ئاو و کارەبا، زانست و تەکنەلۆجیا پێک دێت، سەرخانی (روبینا) ئابوری لەسەرجەم پێکهاتەکانی دەوڵەت، یاساکان، ئایین و فەرهەنگ پێکهاتووە. کۆی پێشکەوتنی هاوئاهەنگی ئەم رەگەزانە سیمای پێشکەوتنی ئابوری هەر وڵاتێک پیشان دەدات. داواکارین زانکۆکانمان لەم بوارەدا توێژینەوەو وردبینی بکات، تاکو بۆمان دەرکەوێ چەند لە کاروانی پێشکەوتن دواکەوتووین.

پرسی فەرهەنگی لەم نیشتمانە کاری جدی بۆ نەکراو لەپرسەکانیتر دواکەوتووترە، فەرهەنگمان لە ئۆتۆمۆبیل و حیمایەو بینایەدا چڕ بووەتەوە، چاوچنۆکی تەنگی بەخزمەتکردنی خەڵکی کەم دەرامەت و هەژار هەڵچنیوە، شان دانوان لەژێر بەرپرسیاریەتی بەسەر بوێری داننان بە شکەست لەبەڕێوەبردندا زاڵ بووە، بەرەڵایی بازار بەسەر کۆنترۆڵ کرنیدا لەلایەن حکومەتەوە خۆی دەنوێنێ، سیستەمی پەروەردەو فێرکردن نەیتوانییە ئامانجی وڵات دەستەبەر بکات و لەقەیراندا دەژی، خەڵکانی خاوەن سەروەت و سامان لەباتی دروست کردنی بینای قوتابخانەو پەیمانگەو زانکۆو نەخۆشخانە کەچی مزگەوت دەسازن کە لەباج و پیتاک رزگاربن، لەبەر نەبوونی ستادیۆم و مەیدانی وەرزیی و بنکەی چالاکی کۆمەڵایەتی، گەنجان روویان بردووە بۆ بەرەڵایی و بێ بەندوباری، چەند کێشەی دیکە دژ بە پێشکەوتنی فەرهەنگی.

پرسی فەرهەنگی هەر وڵاتێک بەچاوتروکانێ چارەسەر ناکرێ، بەڵکو چەندەها ساڵی دەوێ کە بە جدی ئیشی بۆ بکەیت. ئەمەش لە ئەستۆی دەسەڵاتداری سیاسی کوردستانە کە هەر لە ئێستاوە دەست پێ بکات و پێویستە خەڵکیش بەڕاستی و بەبێ چەندو چۆن یارمەتی بدەن.

کێشەی دەرەوەی کوردستانی باشوور هەر لەکاتی رووخانی رژێمی نەگریسی بەعسەوە (داگیرکەر) تووشی هەڵەبووە و دەرئەنجامەکەشی نادیارە. هەلومەرجێکی زێڕین بۆ گەلی کوردی باشوور لەم سەردەمەدا رەخسا کە لە مێژوو خۆیدا بە خۆیەوە نەیبینووە، شەرعیەت و سەروەری دەوڵەتی زۆرەملێی عێراق لە نەتەوەیەکگرتووەکان و جیهانی سیاسیدا هەڵوەشایەوەو قەوارەی سیاسیشی لەناوچوو. لەوکاتەدا هەر پارێزگاو هەرێمێکی عێراق بۆی بوو کە سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنی، کوردیش لەم بارەوە پشکی شێری هەبوو، هەم گەلی کورد رزگاری دەبوو لەو لکاندنە زۆرەملێیە بە عێراقەوە و هەم سەرکردەکانی گەلی کوردیش دەبوون بە رەمز بۆ گەلەکەیان، ناویان لەمێژوودا تۆمار دەکرا و گەلی کوردیش شانازی پێیانەوە دەکرد، بەڵام ئەو هەوڵ و کۆششەی کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ گەڕانەوەی سەروەری (سیادە) عێراق بەهەر نیازێکەوە کردیان، ئەگەری دووپات بوونەوەی کیمیاباران و ئەنفال و دەربەدەری لێ دەکەوێتەوە، چونکە رەفتارو کرداری سەرکردە سیاسییەکانی شیعەو سوننە (بەعس) ئەوە دەسەلمێنێ و چاویان بەرایی نادا کورد لەو ناوچانەی ئەوان فەرمانڕەوا بێت. گەر دەرفەتییان دەست بکەوێ، ئامانجی هەردوولایان دەسەڵاتی دیکتاتۆرییە، با خۆمان نەخەڵەتێنین، شیعە دیکتاتۆری مەزهەبەو سوننەش (بەعس) تینووی دەسەڵات، هەم شیعەو هەم سوننە (بەعس) سەرکردایەتی سیاسی کورد بەشێوەی هەڵکشان و داکشان (مەد و جەزر) بەکاردێنن بۆ کوشتنی کات، تاکو لەدەرفەتێکدا بەمەبەستی ناپاکی خۆیان بگەیەن، ئەو دەرفەتەش کشانەوەی سوپای ئەمەریکایەو مەیدانیان بۆ چۆڵ ببێ، ئەمجا ئەوکاتەی کە سوپای ئەمەریکا لە عێراق نەما، رێوشوێنی کورد لە (ئیعرابا) چییە؟ سەرکردایەتی سیاسی کورد چی بەدەست هێناوە بۆ گەل و نیشتمانەکەی، با گەلەکەی دڵنیا بکاتەوە، ئەگەر هیچی بەدەست نەهێناوە ئەلتەرناتیڤی بۆ کێشەی کورد لە عێراقا چییە؟.

بەڵێ گەلی کورد گەلێکی ماندووەو چاوەڕوانی حیکمەت و لێهاتوویی حکومەتە تازە وچانەکەی دەکا.



# دەروون

دونیا

# کلکی بزن پێوەری بارانە

جاران لە لادێکانی کوردستان چەندەها خەڵکی نەخوێندەواری کەشناس و مێژووگر هەبوون کە تەنها ئەزموونی ژیانی خۆیان و خەڵکی پێش خۆیانیان کردبوو بە پێوەر بۆ حساباتەکانیان. یەکێک لەو شتە سەیرو سەمەرانە کە هەیانبوو، لە وەرزی زستاندا هەرکاتێ بیانبینیایە کلکی بزنەکان شۆڕبوونەتەوە بە خەڵکیان دەگوت ئەمڕۆ بەفرو بارانە، ئەگەر کلکیان قوت بایەتەوە ئەوە دەیانگوت کەشوهەوا خۆش دەبێ و با ئاسمانیش هەوربێ. ئەو ئەزموونە بۆ زەمان و کۆمەڵگەیەک دوور لە تەکنەلۆژیاو پێشکەوتن تا رادەیەک کاری پێدەکرا، ئەوەندە جێگەی مشت و مڕ نەبوو، بەڵام لەم زەمەنی عەولەمەو پێشکەوتنەدا زۆر عەیبە بۆ دکتۆرێک کە بڕوای بە هەندێ چارەسەری عەشایەری و لاکۆڵان هەبێ، نەک هەر نەخۆشەکانی هان بدا، بیاننێرێ بۆ لایان، بەڵکو خۆیشی بڕوات بۆ لای پیرەمێردێک و بڵێ ناوکم کەوتووەو بۆمی بگرەوە. لەوە عەیبتر ئەوەیە دکتۆرەکە پلەیەکی ئیداریشی هەبێ لە نەخۆشخانە. دیسانەوە عەیبە بۆ پارێزەرو حاکمێک کە چارەسەری کێشەیەکیان پێ نەکرێ لەرێگەی یاساوە، وە پێیان بڵێن بڕۆن لە کۆمەڵایەتی یان لە دیوەخان رێککەوتنی عەشایەری بکەن و دوایی وەرنەوە ئێمە بە شێوەی یاسایی بۆتانی تۆمار دەکەین، بەڵام لەوە عەیبتریش ئەوەیە کە پارێزەرێک خۆی لە رێکەوتنە عەشایەرییەکە دابنیشێت و مەحزەر بنووسێت. هەروەها عەیبە بۆ پیاوێکی دەستڕۆی حکومی کە لەپاڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەوەو دوای خوێندنەوەی سەدان وتارو دەیان کتێب و بەشداری کردنی لە چەندەها کۆڕی تایبەت بە ژیانی مەدەنی، کەچی تازە بە تازە ناوی عەشیرەتەکەی لە پاڵ ناوی خۆی جووت دەکات بە تابلۆیەکی بریقەدار لە پێش مێزەکەیەوە دای دەنێت. لەوەش عەیبتر ئەوەیە کاتێ ئەو کەسە لەبەرژەوەندی دەدرێ، لە شوێنی خۆی لادەبرێ، لە لایەک دەست دەکا بە زەمکردنی سەرجەم حێل و عەشیرەت و فیکرە خێڵەکییەکان، لەلایەکی دیکە گاڵتە بە خاوەن بڕوانامەو خوێندەوارەکان دەکات. هەموو ئەوانە کۆمەڵێک نیشانەن ئاماژە بە سەقەتی پەروەردەی ئەم میللەت و کۆمەڵگەیە دەکەن و دەری دەخەن کە شێوەو ناوەڕۆکی زۆربەی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە نەک هەر پێکەوە گەشەیان نەکردووە، بەڵکو بوون بە دارێکی دەم رەشەباو هەرجارەی بەلایەکدا دەیبا، بۆیە تائێستاش پێوەری باران لەلای ئێمە هەر کلکی بزنە.